# نامەیەکی کراوە بۆ وەزیری لاوان

**بەشدار عەلی**

سەرەتای نامەکەم بە چەند پرسیارێك دەست پێدەکەم......کاك تەهای بەرێز ئاگاداری یەك ساڵی رابردووەوە دوای خاوبوونەوەیەکی کاتی دیسانەوە کۆچی بە لێشاوی لاوانی کوردستان بۆ وڵاتانی رۆژئاوا دەستی پێکردۆتەوە؟ لاوان و گەنجان بەهەر نرخێك بێت دەیانەوێت بە زووترین کات خۆیان رزگار بکەن. دەزانی بەپێی ئامارە ئاشکراو نهێنیەکان و دەست گیرکراوەکان رێژی ئاڵودەبوونی لاوان بە مادەی سڕکەرو بێهۆشکەر روو لەزیادبوونە؟ ئاگات لێیە لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی ساڵ لەدوای ساڵ ئاستی دەرچوونی قوتابیان روو لەکەمبوونەوەیە؟ ئاگاداری رێژەی خۆکوژی لاوانی کوڕو کچ بەشێوازە جیاوازەکان, راچلکێنەرە؟ دەزانی لاوانی ئەمرۆی کوردستان لەنێو سەرگەردانی و بێ ئۆقرەییەکی قوڵدا گوزەر دەکەن و هیچ قسەو بەڵێنێك تروسکایی و ئومێدێك لەنێو دڵ و دەروونیان دروست ناکات؟ بەڵێ ئازیزم ئەمانە تەنها چەند ئەنجامێکە لاوانی ئەمرۆی کوردستان بەهۆی چەند هۆکارێکەوە رووبەرووی بوونەتەوە کە ئامانجی نامەکەشم هەر ئەوەیە کە ئەم هۆکارانە شیبکەینەوە. وابزانم بۆ هیچ کەسێك خۆش نییە دوور لە دۆست و هاورێی منداڵی و خانەوادەکەی ژیان بەسەر بەرێت, ئەگەر کۆمەڵێك هێز فشاریان بۆنەهێنابێت, هیچ مرۆڤێك حەز ناکات خۆی بێهۆشبکات و دەیان نەخۆشی و دەردو بەلا بکاتە نسیبی, ئەگەر کێشە گەلێك لە پشتیەوە نەبێت, ئاخر ئەگەر خنکان نەبێت لەنێو دوژمنەکان و هەر چوار لای نەگیرابێ, چۆن مرۆڤ خۆشترین ساتەکانی هەناسەدانی لە ژیان کۆتایی پێ دەهێنێت؟ هەموو ئەو کێشانەی کە بۆم باس کردی ئەمرۆ بۆتە دیاردەیەك لەنێو کۆمەڵگای کوردستان.من دەتوانم بە چەندین بەڵگەوە ئەمانەی سەرەوەت بۆ بسەلمێنم کە گەنجان خۆیان گوزارشتیان لێکردووە کە رێگای هەڵەو سلبیان کردۆتە بەر بۆ هەموو لایەکمان جێگای نیگەرانیە. بابزانین سەرچاوەی ئەم کێشەو نیگەرانی و دڵە راوکێیانەی لاوان لە کوێ ئاو دەخواتەوە. ئێمە هەمیشە گیرمان بەدەست ئەوەوە خواردووە کە چەند کەسانێك بەناوی ئێمەوە قسە دەکەن و لەجێگای ئێمەوە بڕیار لەسەر ژیان و چارەنووسی ئێمەوە دەدەن کە دوورو نزیك هیچ پەیوەندییەکایان بە وەزعیەت و گوزەرانی لاوانەوە نەبووەو نیە, بەڵکو کاریان لەسەر چەواشەکردنی خواست و ویستەکانی لاوان و گەنجان کردووە. لاوانی کوردستان دەرگیرن لەگەڵ دواکەوتووترین و کۆنەپەرسترین یاساو دەستور کە پاشماوەی درندەترین رژێمی سەردەمە هەمیشەکاری لەسەر یەخسیری و کۆیلایەتی وئیفلیجی تاکەکان کردووە و دارزیوترین داب ونەریت ورێساو رەسمی کردۆتە نسیبی کۆمەڵگاکەی, بەپێی ئەم یاساو دەستوور و داب و نەریت و رێسایانە دەست بردن بۆ سەرەتاترین و ساکارترین حەزو ئارەزووەکان و هیواکانی تاك, مەحکومە بە مەرگ. بەجیا لەمانەش گەندەڵیی و رۆتینی دام و دەزگاکان و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لەبابەت کارەباو سوتەمەنی و رێگاوبان و چەند شتێکی تری سەرەتایی, بەشێکی سەرەکی ئەم کێشانە پێك دەهێنن. کە بەرپرسەکان لەنێو ڤێلاکاندا شەوو رۆژ دەکەنەوەو گەنجان و لاوانیش تەنها ژوورێك شك نابەن کە ژیانی هاوسەری تیا پێك بهێنن. لەبەرامبەر هەموو ئەو نایەکسانی و ئازاردان و ستەم و نابەرابەرییە لاوانی کوردستان بەشێوازی جیاواز دەنگی خۆیان هەڵبڕیووەو نارەزایەتی خۆیان لەم جۆرە سیستەم و بەرنامانە راگەیاندووە. بەشداری نەکردنی زۆربەی هەرە زۆری لاوان لە ریفراندۆمی دەستوورو نارەزایەتی خۆپیشاندانەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان کە لاوان و قوتابیان بەشێکی سەرەکی پێکدەهێنن و چاو خشاندێك بە بازاڕو شەقام وپارك و زانکۆکان, هەموو ئەو کێشانەی کە باسمان کرد بە دەنگ و رەنگەوە دەخاتە بەرچاومان. بەڵێ کاك تەهای بەرێز لە کۆتاییدا من بەو پەڕی دڵسۆزی بۆ وەزعیەتی لاوان ئەم نامەیەم ئاراستەی کردیت, چونکە ئەم شتانە هەموو رۆژێ ئازارم ئەدەن,

بڕواشم وایە ئەم کوردستانە خاڵی نییە لەو مرۆڤانەی کە چرکە بە چرکە دڵیان بۆ ئازادی و یەکسانی خۆشگوزەرانی و ڕەفاهیەتی خەڵکەکەی لێدەدات. کەواتە با هەمووممان ئەم هەستە شاراوەی دەروونمان دەربڕین و کار بۆ باشترکردنی بکەین.